**ڕۆنکردنەوەیەک سەربارەت بە پێشێلکاریەکان لە ڕۆداوی ڕفاندنی ڕۆژنامەوان نەبەرز گۆران دا**

**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان**



**بە ڕێگای ئەندامانی کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەونانی کوردستانەوە لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی، هەروەها بە ڕێگای ئاژانسەکانی هەواڵەوە و لە خودی ڕۆژنامەوان نەبەز گۆرانەوە، پێمان ڕاگەیێنرا کە شەوی 4 ی مانگی نیسان چەند جەکدارێکی نەناسراو ڕۆژنامەوان نەبەز گۆرانیان ڕفاندوە و لە دوای ئەشکەنجەدانێکی زۆر لە نزێک گوندی کەسنەزان فەرەدراوە. نەبەز گۆران ئەو ڕۆداوەی بە ئاسایشی شاری هەوالێریش ڕاگەیاندوە. ئێمە لە کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئەم ڕۆداوە بە تیرۆر و مەترسیەکی هەرە گەورە دادەنێین لەسەر ئازادی کارکردنی ڕۆژنامەوانی لە هەرێمی کوردستان و پێشبینی ئەوە دەکرێت فشار لەسەر ڕۆژنامەوانان لە باشووری کوردستاندا زیاتر بکات. بە گوێرەی میساق شەرفی ڕۆژنامەوانی کوردستان و یاساکانی تر ی ڕۆنامەوانی دەسەڵاتداران لە هەر وەڵاتێک بەرپرسیارن لە پاراستنی ڕۆژنامەوانان، بۆیە ئێمە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بە ئەرکی سەر شانی خۆیان هەڵسن. هەروەها ڕادەکەیەنێن کە پێمان ناخۆش بوو ڕێکخراوەکانی وەک ئەمنستی ئینتەرناسیۆناڵ ، ڕێکخراوی قەڵەمی ئازاد و پەیامنێرانی بێ سنووری نێونەتەوەیی ئاگادار بکەینەوە لەو جۆرە کردەوانە، بەڵام ئەرکی پاراستنی ڕۆژنامەوانان کە لە ئەستووی خۆمان گرتووە ئەو هەنگاوە لەسەرمان فەرز دەکاتز بۆیە لای خۆمانەوە پەیوەندیمان بەو ڕێکخراوانەوە کردوە و لەمەو دوا هەموو ڕۆداوەکانی پێشێلکاری لە مافەکان و کاری ڕۆنامەوانی بەو ڕێکخراوانە و ڕێکخراوەکانی تری جیهانی و حکومەتەکانی ئەوروپا ڕادەگەیەنین و دانیشتنی ڕاستەوخۆ لە گەڵیاندا دەکەین.**



**دەسەلاتدارانی کوردستان ئاگادار دەکەینەوە کە بە گویرەی شێوەی کاری ڕێکخراوەکانی نێونەتەوەیی لەمەودوا لە ڕاپۆرتاکانیاندا ئاماژە بەو پێشێلکاریانە دەکرێت کە لە هەرێمی کوردستان ڕۆدەدەن.**

**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان داوا لە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات ڕۆژنامەوانان لە دەست درێژی بەرپرسیارانی ناو پارتەکان و تیرۆریستان بپارێزن و بۆ ئەو مەبەستە هەموو تواناکانی خۆمان ئامادەین بەکار بێنێن و لە گەڵ پەرلەمان و بەرپرسیارانی ڕاگەیاندن لەناو حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کۆببینەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی هەڵسوکەوت لە گەڵ ڕۆژنامەوانان بکرێت.**


**کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان**

Ko_b_r_ku@yahoo.se

http://www.ymek.org/journalists.htm


2007-04-04

**\نوسخەیەک بۆ**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**پەرلەمانی کوردستان**

**وەزارەتی ڕۆشەنبیری لە هەرێمی کوردستان**

**سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان**

**پەیامنێرانی بێ سنوورا\ بە زمانی ئینگلێزی و سویدی**

**ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال\ بە زمانی ئینگلیزی**

**یانەی قەڵەم \ بەزمانی ئینگلێزی و نەرویجی**